# کوشتنی ژنان و نەوەی تازە

**هێمن فەرید**

لەدنیای پێشکەوتووی ئێستاماندا هەرچی زار دەکاتەوە باس لەدنیای پێشکەوتن وکۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەلێک زاراوەو چەمک لەئاخاوتنەکانی بەکاردێنی کە نازانێ چ زمانێکە قسەی پێدەکات. کۆمەڵگای ئەمرۆی کوردیمان لەنێوان سێ چوار کلتوردا وون بووە کەهیچ کۆمەڵناسێک ناتوانێت لێکیان جیا بکاتەوە. بەگشتی سەرمان لێشێواوە. کاتێک سەیر ئەکەیت ئەلێیت چ پێشکەوتنێکی خێرامان بەخۆمانەوە بینیوە!! کە کاتێک سەیری کۆڕو سمینارەکانی بەرپرسانێک بکەین وا بیر ئەکەیتەوە کە بەڕاستی وولاَتێکی پێشکەوتووین. ڕۆژانە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان شتی وابریقەدار لەسەر کێشەی ژنان و ئازادیەکانی کۆمەڵگا و مافە ڕەواکانی ژنان نووسینی وامان بەرچاو ئەکەویت خۆت بە خۆت ئەلییت دەبێ ژن لەچ بە هەشتێکدا بژی ؟؟!!!

ئەگەر ڕۆژێک بە ڕێکەوت بچیت بۆ نەخۆشخانەی ئێمیرجنسی دەبینیت چەندان گوڵی گەش پێستی دەم و چاوی وەکو خەڵووزی لیهاتووە، دەبیت ئەم مرۆڤەخۆی ئارەزووی ئەم ئەشکەنجەیەی کردبیت ؟! بیگومان نەخیر، بەداخەوە هەموو جارێک هۆکار و ئامرازە پاڵنەرەکەی ئەم ڕووداوە دەخریتە ئەستۆی کەسەکەو ئەو تاوانبار دەکریت!.

ئەگەر بەڕێکەوتیش بیت جارێک سەردانی بنکەی پۆلیس بکە و بپرسە بزانە ڕۆژانە تەرمی چەندان پەپولەی بێ ناز تەرمیان سەگ دەیخوات، کەباوکێکی بی ویژدان یان برایەکی بێ بەزەیی گولە بارانی دەکات و جەستەی بی نازی خەڵتانی خوێن دەکات.... کوا بەرپرسانمان...کوا مەلاکانمان کەڕۆژانە فتوای کۆمەڵێک شتی لاوەکی دەدەن ڕۆژێک لەووتاری هەینی گوێم لێنەبوو کوشتن حەرام بکریت، بەلام دەتوانریت هەزاران فتوای دەربارەی درامایەکی وەک (ئاریا) بدریت. ئەو باوکەی کچەکەی لە ژێر بیانووی ناموس پاریزی دەکوژێت خۆی لە بناغەدا چەمکی ناموسی لا گەلالە نەبووەو لە ناموس نەگەیشتووە، تەنها ئەتوانیت گوڵێکی بێَ ناز هەڵبەوەرێنی، لە کۆمەڵگای ئێمە کوشتنیان کردۆتە مۆدیل بۆ َنایکوژی بڕۆ بیکوژە کوشتت؟؟ دەستت خۆش بیت لەناوی بەرە ئەمانە ووتاری ڕۆژانەی خەڵکانێکە کە بە هیچ شیوەیەک لە ناموس و ناموس پاریزی تێنەگەیشتوون. لەم ڕۆژانە سەرۆکی حکومەت بانگهێشتی مەلاکانی لە کۆبوونەوەیەکی فراوان باسی لە دیاردەی ڕەشەکوژی ژنان کرد، کەچی یەک مەلا وورتەی لیوە نەهات و بیدەنگ بوون وە بەهیچ شیوەیەک نەگەرانەوە مزگەوتەکان و ئەم دیاردەیە مەحکووم

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

بکەن، خۆ ئەگەر بۆنەیەکی حیزبی با مەلاکانمان زۆر بەزەقی باسیان دەکرد، ئەگەر زەوی دابەش کردن و زەکات بووایە پێش هەموو کەسێک مەلاکان زمانیان ئەکردەوە بۆیە بەراشکاوانە ئەڵێم ئەگەر رۆژێک تەرمی کچێکی کوژراومان بینی تێکرامان لەم وولاتە بەرپرسین و دەستمان لەم تاوانی رەشەکوژیە هەیە، بۆیە ئەڵێم ئەوەندە خۆمان بە جل وبەرگ و کۆشک و تەلارو قسەی بۆش خەریک ئەکەین با کەمێک بە کۆمەلگاکەمان بچینەوە و خۆمان ووشیار بکەین با لە بەرامبەر مێژووی مرۆڤایەتی روو سپی بین ئەگەر وا نەکەین ئەوا دڵنیا بین روو رەشی مێژووین.

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image